

ئازاد بەرزنجی:

لەیەککاتدا چوار زنجیرە کتێبو شەش گۆڤار دەردەکەین

# کتێبەکانی دەزگای سەردەمو چەند ڕایەکی جیاواز

ئا: ئیدریس عەلی

دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە وەک دەزگایەکی کارا لە بواری چاپکردنی کتێبی ئەدەبیو زانستیو فکریو فەلسەفیو ئاینیو کولتووریو پەروەردەیی، خۆی ناساندو تا ئێستاش بەردەوامە لە چاپکردنی کتێب، ئەمە جگە لەوەی خاوەنی کۆمەڵێک گۆڤارەو لەو ڕێگەشەوە توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش بکات، بەڵام ئایا ئەو کتێبانەی لە لایەن دەزگای ناوبراوەوە چاپو بڵاو دەکرێنەوە، تاچەند جێگەی بایەخی خوێنەرانو نووسەرانن؟ ئایا لەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیدا، جۆری خوێنەرەکانمان پۆلێن کراونو ئەو کتێبانەی دێنە بەردەستیان، وەڵام بە ویستو خواستەکانیان دەداتەوە؟ یاخود تا چەند گرنگی بەلایەنی فرۆشتنی ئەو کتێبانە دراوە و بەشێوازێکی مۆدێرنانە سیستەمی دابەشکردن پەیڕەو دەکەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسانە ڕاو بۆچونی چەند نووسەرو کتێبفرۆشو خوێنەرێکمان وەرگرت..

«هۆگر ئارام» لە کتێبخانەی (ئەندێش) باسی لەوەکرد کە تەواوی ئەو کتێبو گۆڤارو بڵاوکراوانەی لە لایەن دەزگای چاپو پەخشی سەردەمەوە دەردەچن، دێنە کتێبخانەکەیانەوە. ئاماژەی بەوەش دا کە خوێنەرەکان دابەشبوون بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا کە هەرکۆمەڵەو ئارەزووی لە خوێندنەوەی جۆرە بابەتێکە، وەک: مێژووییو ئەدەبیو فەلسەفیو ئیسلامیو سیاسیو زانستی، ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە لەمڕۆدا زیاتر خەڵکی حەز بەخوێندنەوەی کتێبە مێژووییەکان دەکەن.

هۆگر ئارام وتیشی: خەڵکێکی زۆر ڕوودەکەنە ئەم کتێبخانەیەی ئێمە، بەگشتی لە پاش سەری ساڵی تازەوە هەستدەکرێت کتێبەکانی دەزگای سەردەم زۆر گۆڕانی باشی بەخۆوە بینیوەو فرۆشی زیادی کردووە، تەنانەت لەڕووی نرخیشەوە، نرخەکانیان زۆر گونجاونو حسابیش بۆ ئەوە کراوە کە زۆربەی خوێنەران باری داراییان باش نییە.

ناوبراو پێشنیاری ئەوەشی کرد، کە دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، هەوڵبدات لە هەموو بوارەکاندا کتێب چاپ بکات، بەڵام گرنگیی زیاتر بەبواری مێژوویی بدات، چونکە خوێنەری بابەتە فەلسەفیو مێژووییەکان زیاترن، نکولی لەوەش نەکرد کە کۆمەڵێک شاکاری ئەدەبی جیهانی، وەک ڕۆمان هەن، خوێنەریان زۆرەو خۆزگەی خواست بوارە ئەدەبییەکەش فەرامۆش نەکرێتو وتیشی: بەڵام هیوادارم بەهیچ شێوەیەک شیعر چاپ نەکەن، چونکە خوێنەری شیعر زۆر کەم بۆتەوە.

«دلێر سدیق» لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی چاپو بڵاوکردنەوە، گلەیی ئەوەی هەبوو، کە کتێبەکانی دەزگای سەردەم لەکاتی خۆیدا ناگەنە کتێبخانەکەیانو دوا دەکەون، لەگەڵ ئەوەشدا باسی لەوەکرد کە بەگشتی کتێبە چاپکراوەکانیان باشنو ئاماژەی بە گۆڤارە جۆراو جۆرەکانی دەزگای سەردەم دا، کە خوێنەری باشیان هەیە، وەک ( ئاینده، زانستی سەردەم، سەردەمی منداڵان)و وتی: ئەم گۆڤارانە ئاستی فرۆشیان زۆر باشە، بەمەرجێک لە کاتی خۆیدا بگات.

ناوبراویش لەگەڵ هۆگر ئارام هاوڕابوو لەسەر ئەوەی، کە خەڵکی بەگشتی بەشوێن کتێبە مێژووییەکاندا دەگەڕێنو ئارەزووی خوێندنەوەی کتێبی سیاسی دەکەن، پێشی وابوو لەمڕۆدا خوێنەری کتێبی ئەدەبی کەمەو بازاڕی فرۆشتنیان کەمە بەتایبەت شیعر، بەڵام دانی بەوەشدا نا کە خوێنەری ڕۆمان لە هەموو بوارەکانی دیکەی ئەدەب زۆرترە.

«دلێر سدیق» بەگشتی باسی لە کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای سەردەم کردو وتی: من خۆم شارەزاییم لەبواری کتێبو خوێندنەوەدا هەیەو چەند ساڵێکیشە ئەزموونم لەگەڵ خوێنەرو کتێبخانەدا هەیە، من وای دەبینم بەگشتی کتێبو گۆڤارەکانیان باشنو فرۆشو خوێنەری باشیان هەیە، زۆریش گرنگە دەزگای سەردەم لە هەموو بوارەکاندا کتێب چاپ بکات، بەتایبەت لەبواری زانستیدا کە وەک کتێبخانەی کوردی گەورەترین کێشەمان هەیە، بۆنمونە خوێنەرێکی زۆرمان لەبواری زانستیدا هەیە، بەڵام کتێبو سەرچاوەمان کەمە بەکوردی، وەکو نرخیش هەستدەکەم نرخی کتێبو گۆڤارەکانیان گونجاونو خەڵک توانای کڕینیانی هەیە.

«دارا محێدین» وەک کتێبفرۆشێکی سەر شەقامی مەولەوی، کە خۆی گۆڤارەکانی (منداڵانی سەردەمو زانستی سەردەمو سەردەمو رۆڤارو ئاینده) دابەش دەکات، پێشنیاری ئەوەی بۆ دەزگای سەردەم کرد، کە شوێنێکی گونجاوی بۆ دابین بکەن، بۆ ئەوەی دابەشکردنەکەی بەباشی بڕواتە پێشەوەو بەڵێنی ئەوەشی دا کە هەر لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت تیراژی گۆڤارەکانیان زیاد بکات.

(دارا) ڕایەکی پێچەوانەی لەسەر کتێبەکانی دەزگای سەردەم هەیەو وتی: کتێبەکانیان باش نینو سێ ساڵیش دەبێت کەمترین کتێبی باشیان چاپکردووە، ئەو کتێبانەشی کە باشنو خوێنەریان زۆرە، تیراژێکی کەمی لێ دەخەنە بازاڕەوە، یاخود هەندێکجار چەند سەد دانەیەکی لێ دە فرۆشنەوە بە کتێبفرشەکانو ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان تەسەڕوفی پێوەدەکەنو یاری بەنرخەکانیان دەکەن.


ناوبراو وەک کتێبفرۆشێک گلەیی ئەوەی هەبوو، کە ئەو کتێبانەی باشنو خوێنەریان هەیە ناگاتە دەستیان، بەڵام کتێبە خراپەکان زوو دەگاتە دەستیان. «دارا محێدین»، خودی دەزگای سەردەمو بەرپرسی دابەشکردنی بەبەرپرس زانی لەم حاڵەتەو وتیشی: پێویستە خۆیان بزانن، خوێنەری کورد زیاتر ئارەزووی لە چ جۆرە کتێبێکە بۆ خوێندنەوە،

پێویستە زیاتر کتێبی زانستیو مێژوویيو ئیسلامی سیاســی چاپبکات، کە مــن ڕام وایە لــەم بوارانەدا دەزگای ســەردەم کەمتەرخەمــە، بۆ نمونە: ئێســتا خوێندکارێکــی زانکۆ هەمــوو کتێبخانەکان بگەڕێت، دوو کتێبی باشــی زانســتی پزیشکی دەستناکەوێت، ناڵێم لەم بوارانەدا هیچی نەکردووە، بەڵام زۆرکەمەو پێویستە گرنگیی زیاتری پێبدات.

ئەوەشــی ڕوونکــردەوە کــە خوێنــەری بواری ئەدەبــی، زۆر کەمەو پێشــنیاری کرد کــە کەمترین کتێبی ئەدەبی چاپ بکرێت.

مامۆستا «سیروان»یش وەک کتێبفرۆشێک پێی وابوو، کە ســەردەم دەزگایەکی باشە بۆ چاپکردنی کتێــب، بەڵام کۆمەڵێــک تێبینی هەبــوو و وتی: ئەو کتێبانــەی دەزگای ســەردەم چاپیــدەکات، زیاتــر ئەدەبین، بەڵام ئێمە وەک کورد خوێنەری ئەدەبیمان کەمە، من پێشــنیار دەکەم زیاتر کتێبی فەلســەفیو ئیســلامی سیاسی و مێژوویيو زانستی چاپ بکەن، بەنیســبەت گۆڤارو بڵاوکراوەکانیشــیانەوە باشنو خوێنەریان زۆرە، بەڵام کەمێک نرخەکانیان گرانە.

ناوبراو، جەختی لەوەشــکردەوە کە نرخی کتێبە



باشەکانی دەزگای ســەردەم زۆرەو پێشنیاری کرد کــە نرخی کتێبــەکان کەمبکەنەوە، چونکــە ئەوانەی ئــارەزووی خوێندنــەوەی کتێبیان هەیــە گیرفانیان بەتاڵە.

مامۆستا سیروان پێشنیاری ئەوەی کرد کە زیاتر پەرە بــە وەرگێڕانی کتێبی نووســەرە ناودارەکانی جیهــان بدرێــت، چونکە خوێنــەری ئەو نووســەرە جیهانییانــە زیاترن. بەنیســبەت گۆڤارەکانیشــەوە، داوای کرد دوو ساڵ جارێک شێوازی نەخشەسازی بگۆڕدرێــتو لاپەڕەکانــی ڕەنگاو ڕەنــگ بکرێن، بۆ ئەوەی فرۆشــیان زیاتر بێتو لە ڕووی بابەتیشەوە هاوســەنگییەک دروســت بکەن، نــەک تەنها گرنگی بەیەک لایەنو بابەت بدرێت.

«خالید حەمــە غەریب» لە کتێبخانەی شــەعب، ســەبارەت بەکتێبــە چاپکراوەکانــی ســەردەم وتی: خودی دەزگاکە کۆمەڵێک نووسەری باشو ناوداری تێدایــە، کە بۆ گۆڤارو کتێبەکانیش کاری باش بکەن، بەگشتی کتێبخانەی کوردی هەژارە لە بواری کتێبدا، بەڵام دەزگای ســەردەم بــەم دواییانــە توانیویەتی کۆمەڵێک کتێب چاپبکات، کە شوێنی خۆی گرتووەو کتێبی باشــن، بەڵام بــازاڕی کتێبی ئێمە پەشــێویی پێوە دیارە، چونکە شێوازی دابەشکردنی کتێبەکانو تیراژیــان خۆی لەخۆیدا کێشــەی هەیــە، بۆ نمونە: هەندێک کتێب هەیە هەقە دەهەزاری لێ چاپ بکرێت، بۆیــە دەزگای ســەردەم، نابێــت لەوە بترســێت کە کتێبێک چاپدەکات لێی بمێنێتەوە.

ناوبــراو پێشــنیاری ئــەوی کــرد، کــە دەزگای سەردەم پێنج مانگ جارێک داتایەکیان هەبێت و ئەو داتایــە پێیان بڵێن، کە جــۆری کتێبەکانیان لەماوەی پێنــج مانگی ڕابردوودا باش بوون یان خراپ بوون. خاوەنی کتێبخانەی (شــەعب) ســەبارەت بەوەی کە خوێنــەر ئارەزووی خوێندنــەوەی چ جۆرە کتێبێکی هەیە وتی: لای مــن هەموو چینو توێژەکان ڕۆمان دەخوێننەوە، تەنانەت سیاسییەکانیش دەیخوێننەوە، بۆیــە داواکارم ڕۆمانــە بــاشو جیهانییــەکان وەربگێڕدرێنە ســەر زمانی کوردیو چاپیان بکەن، تێبینیــی ئەوەشــم کــردووە کــە خوێنــەری ئێســتا خەریکە پۆلێــن دەکرێت، خەڵکێک هەیە تەنها لەیەک بــواردا دەخوێنێتەوە، بۆیە دەبێت ســەردەم گرنگی بــە هەموو لایەنــەکان بــداتو کتێبی جــۆراو جۆر چاپبکات، بەتایبەت کتێبی فکریو مێژوویی.

«جوتیـار حەسـەن» لـە کتێبخانەی سـلێمانی، گلەیـی ئـەوەی هەبـوو کـە هەندێکجـار کتێبەکان درەنگ دەگەنە دەستیانو نمونەی ئەوەی هێنایەوە، کـە زۆرجـار کەسـێک هەواڵـی کتێبێکی سـەردەم دەپرسـێت، سـەیردەکەین هێشـتا نەگەیشـتووە بەدەسـتمان، بـەڵام لەچەند شـوێنێکی تـر دانراوە. ناوبراو ستایشـی گۆڤارەکانی دەزگای سـەردەمی کـردو وتی: هەموو گۆڤارەکانیان لەڕووی تەکنیکو بابەتو نەخشەسازییەوە سەرکەوتوونو فرۆشیان زۆرە، بەتایبەت زانسـتی سـەردەمو ئایندەو منداڵی سـەردەم، سـەردەمی عەرەبیش باشـە، بەڵام زۆر درەنـگ دەگاتـە دەسـتمان، جاری واهەیـە خۆمان تەلەفونیان بۆ دەکەین بۆمان بنێرن، کتێبەکانیشـیان باشن، بەڵام وەک پێویست نینو چاوەڕێمان دەکرد دەزگای سەردەم کتێبی باشتری چاپبکردایە.

جوتیارحەسەن ئاماژەی بەوەش دا کە بەو پێیەی دەزگای سەردەم کۆنترین دەزگای چاپکردنی کتێبە لـە سـلێمانیدا، دەبوایە پێشـبڕکێی بکردایە لەسـەر چاپکردنـی کتێبی دانسـقە وتیشـی لەمـڕۆدا زیاتر خوێنەری کتێبی سیاسـیو ئیسلامیو فکری هەیەو من ڕام وایە بۆ ئەم ڕۆژگارەی ئێستامان گرنگی بە چاپکردی کتێبی فکریو ئیسلامیو مێژوویی بدرێت، بۆ ئەوەی فرۆشی کتێبەکانیان زیاتر بێت.

«شـاهۆ کەمال» وەک خوێنەرێک، کە بەگوتەی خۆی بەردەوام متابەعەی کتێبەکانی سەردەم دەکات ڕای وابوو، دەزگای سەردەم زیاتر گرنگی بە بواری ئەدەبی بدات. ناوبراو پێشـنیاری ئەوەشـی کرد کە گۆڤـاری ئایندەو زانسـتی سـەردەمو سـەردەمی کـوردی، مانگـی جارێـک دەربچێـت. سـەبارەت بەکتێبەکانیـش وتـی: ئـەو کتێبـە ئەدەبییانەی لە زمانێکـی بیانییـەوە وەردەگێڕدرێـن، کەمتر گرنگی بـە لایەنـی وەرگێڕانەکـە دەدەن، هیـوادارم لەگەڵ وەرگێـڕە باشـەکاندا گرێبەسـت بکـەنو بەرهەمی هەموو وەرگێڕێک چاپنەکەن.

«زانیـار عەبدوڵڵا»ش، هەمـان ڕای هەیەو پێی وایە هەندێـک لەو کتێبـە وەرگێڕدراوانەی دەزگای سـەردەم، کەڵکـی خوێندنەوەیـان نییـە ئەوەنـدە کوردییەکەیـان ناخۆشـە، لەگەڵ ئەوەشـدا باسـی لەوەکـرد کە هەر لەڕێگەی کتێبەکانی سـەردەمەوە بـە کۆمەڵێـک نووسـەری جیهانـی ئاشـنابووەو بەرهەمەکانیانـی خوێندۆتەوەو وتیشـی: پێشـنیار دەکـەم گرنگیـی زیاتر بە بواری ئەدەبیو زانسـتی بدرێـتو لەو دوو بـوارەدا کتێب چاپبکـەن، چونکە لەهەمـوو حاڵەتەکانـدا خوێنـەری ئـەو دوو بابەتە زۆرترن لە بابەتەکانی دیکە.

(نەجات نوری) نووسەر پێی وایە ئەو دەزگایانەی



دەیانەوێت ببنە دەزگایەکی ڕۆشـنبیریو ئەدەبیو دەستدەدەنە چاپو بڵاوکردنەوەی کتێب پێویستییان بە بەرنامەیەکـی هەمەلایەنە هەیە بۆ ئەوەی بتوانن کتێـب بەچاپبگەیەنـن. ئەو ئاماژەی بـەوەش دا بەر لەهەمـوو شـتێک دەبێـت بیر لە عەقڵیەتـی خوێنەر بکرێتـەوەو وتـی: دەبێـت بزانرێـت ئـەو خوێنەرە سـاڵانە چیی دەوێت بۆ خوێندنـەوە، ئەوەش گرنگە کە کۆی ئەو کتێبە چاپکراوانە لەلای خوێنەر ئاستی فرۆشتنی دەگاتە چەند.

(نەجـات نـوری)، وەک نووسـەرێک ئـاگای لە تـەواوی ئـەو کتێبانە هەیـە کە دەزگای سـەردەم چاپو بڵاوی دەکاتەوە، لەم بارەیەوە وتی: دەزگای ناوبـراو، تـا ئێسـتا زیاتـر لـە ٤٧٥ کتێبـی بەچاپ گەیاندووە، هەستدەکرێت زۆربەیان لەڕووی بابەتی هەڵبژێردراوەوە لاوازنو زۆر کەم خۆیان لەقەرەی دەقە گرنگەکان داوە.

ناوبراو گلەیی لە دیزاینو جۆری کاغەزو فۆنتەکان هەبـوو، خۆزگەشـی خواسـت سەرپەرشـتیارانی کتێـب چاپکردن ئـاوڕ لەو کەموکوڕیانـە بدەنەوەو پێشـنیاریکرد لیژنەیـەک دروسـتبکرێت بـۆکاری وەرگێڕانی دەقە بەنرخەکانو ئەو دەقانەی لە دنیادا خوێنەریان بەخۆیانەوە سـەرقاڵ کردووەو بوونەتە سـەرچاوەی گرنگو بەپێز لای خوێنەران، هەروەک پێویستیشە ئاوڕ لە نووسەرانو ئەدیبانی ناوخۆیش بدرێتـەوە و گرنگـی بـە بابەتەکانیان بـداتو دەقە باشەکانی نووسەرانی خۆمان بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆ چاپکردن.

لە کۆتایی قسـەکانیدا باسی لەوەکرد، کە مەرجە دەزگای چاپو پەخشـی سـەردەم بایەخی زیاتر بە دەقی وەرگێڕان بدات لە بوارە جیاجیاکاندا.

لـە لایـەن خۆشـیەوە (ئـازاد بەرزنجـی) سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرەی کتێب لە دەزگای چاپو پەخشـی سەردەم، ئاشـکرایکرد کە دەزگای سـەردەم لەسـەرەتای دامەزراندییـەوە گرنگییەکی تـەواوی داوە بـە چاپکردنـی کتێـب. ناوبـراو ڕوونیشیکردەوە لەزنجیرەی چاپکردنی کتێبدا گرنگی بەتەنها لایەنێک نادەن، بەو دەلیلەی ڕۆشنبیریی تاکە بوارێک نییە.

ئـازاد بەرزنجـی وتیشـی: ئاوڕمـان لە بـوارە جیاجیاکانـی دونیـای فیکرو ئـەدەب داوەتەوە، بەو بڕوایـەی هەریەکێک لەو بوارانـە خوێنەری تایبەتی خـۆی هەیـە، خوێنەر هەیـە تەنها بایەخ بـە کتێبی مێژوویی دەدات، هەشـە تەنها حەز بە خوێندنەوەی ڕۆمـان دەکات، هەشـە گرنگـی بە بواری زانسـتی دەدات، کەواتـە ئێمـە وەکـو دەزگا دەبێـت هەموو جۆرەکانـی خوێنەرمـان لەبەرچاو بێـت، ئەمە جگە لـەوەی کتێبخانـەی کـوردی لە هەمـوو بوارەکاندا هەژارە.

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرەی کتێب ئاماژەی بـەوەش دا، کـە ئەگەرچی لەوانەیـە بەژمارە کتێبی چاپکراومـان کەم بێتو لە ئاسـتی خۆزیادا نەبێت، بـەڵام دوو ڕاسـتیی خسـتە بەرچـاو و بـە گرنگی زانی بەهەنـد وەربگیرێت: یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە زیاتر پێ لەسـەر چۆنیەتیی کتێبەکانمان دادەگرین. دووەمیشـیان ئەوەیـە، کە دەزگای سـەردەم تەنها کتێب چاپناکات، بەڵکو شەش گۆڤاریش دەردەکەین، کە هەریەکەیان گرنگی بە بوارێکی تایبەت دەدات، چ لە کوردسـتانو چ لەم ناوچەیەشدا، دەزگایەک نییە لەیەک کاتـدا چوار زنجیرەی کتێبو شـەش گۆڤار پێکەوە دەربکات.

سەبارەت بەدابەشکردنی کتێبو گۆڤارەکانیشیان، ئـازاد بەرزنجـی باسـی لەوەکـرد کـە کێشـەی دابەشـکردنیان هەیەو تا ئێسـتا چەنـد ڕێگایەکیان تاقیکردۆتەوە، بەڵام بەگوتەی خۆی هیچیان ئەنجامی باشیان نەبووە.

ئەوەشـی ئاشکرا کرد، کە ئێستا کۆمەڵێک کتێبی هەڵبژاردەیـان هەیە و داوایانـە بەکۆمەڵێک وەرگێڕ و بەتەواوبوونیـان چاپیـان دەکـەنو وتـی: ئەمـە سـەرەتایەک دەبێت بۆ ئـەوەی لەمەو پاش خۆمان بەبەرنامـە کتێب هەڵبژێرینو بیدەیـن بە وەرگێڕی بەتوانـاو بەئەزمـوون. سـەبارەت بـە چاپکردنـی بەرهەمی نووسەرانی خۆمان، لەبەر ئەوەی دەزگاو بنکەی تر زۆرن، ئەو کارە ئەنجام بدەن، ئێمە کەمتر خۆمانی لەقەرە دەدەینو زیاتر هەوڵ دەدەین بایەخ بەبـواری وەرگێڕانـی کاری فیکـریو فەلسـەفیو مێژوویيو ڕۆمانو کتێبی زانستی بدەین.